www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-7-2007 21:38

Iraqi Kurdistan National Assembly

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کوردستان – هەولێر

-

لەوەڵامی دوا لێدوانەکانی زەڵمای خەلیلزاد نوێنەری وواڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەنەتەوە یەکگرتوەکان کە کێشەی کەرکوک بدرێتە نەتەوە یەکگرتوەکان،

دکتۆر کەمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کێشەی کەرکوك بەشێکە لەو کێشە هەلپەسێررراوانەی کە مادەی 140 دەیانگرێتەوەو رێگای چارەیان بۆ دانراوە، ئەو مادەیەش مادەیەکی دەستوری عیراقی فیدرالە و سەدا هەشتای خەڵکی عیراق دەنگی بۆ داوەو زۆرینەی پێکهاتەکانی کەرکوك لەکورد و عارەب و تورکمان و کلدان و ئاشوری و ئەرمەن و سابئە کۆك و خوازیارن کە جێبەجی بکرێت و لیژنەی جێبەجی کردنی مادەی 140 یش کاری باشی ئەنجام داوەو کارەکانی زۆر بە چاکی بەرەو پێش دەچێت و گشت کوردستان و پەرلەمانەکەی و حکومەتی عیراق کۆکن لەسەر جێبەجی کردنی جگە لەکەمایەتیەکی یەکجار کەم لەپاشماوەی رژێمی بەعس و هەندێك لەناو بەرەی تورکمانی، بۆیە پێویست بەهیچ ئالۆزیەك ناکات و نامانەوێت هیچ کەسێك کۆسپ بخاتە رێگای چارەسەرکردنی.

چونکە دواختن یان هەر شێوازێك بۆ ئاستەنگ و دواخستنی بی باوەڕیی جەماوەری هەرێمی کوردستان و گشت عیراق بەپرۆسەی دیموکراتی نامێنێت، ئەوجا لەجیاتی چارەسەرکردنی و پێکەوە ژیان و تەبایی و برایەتی و هەوڵدان بۆ دواڕۆژێکی چاك بۆ هەرێمی کوردستان و گشت عیراق بارودۆخەکە بە ئاقارێکی ترەوە دەڕوات ئالۆزی و ناتەبایی و ناسەقامگیری تێدا دروست دەبێت و لەکۆنترۆڵی گشت لایەکمان دەردەچێت،

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئەوەشی روونکردەوە هەرچەندە ئێمە دەزانین ئەوە تەنها بیرکردنەوەو بۆچوونی تایبەتی رێزدار زەڵمای خەلیلزادە چونکە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان پێشتر بەنوسراو لەهەڵوێستی ئەمەریکا لەلایەن رێزدار نیگرۆپۆنتی ئاگەدار کراوینەتەوە لەپشتگیریکردنی ئەمەریکا لەئیرادەی خەڵکی کوردستان و گشت عیراق بەڵام بە پێویستمان زانی ئەم پێشنیارەی زەڵمای خەلیلزاد وەلأم بدەینەوەو پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری خەڵکی کوردستانە ئەم پێشنیارە رەت دەکاتەوەو پابەند نین پێی و خوازیارین کەهیچ کەس و لایەنێك کۆسپ نەخەنە پێش جێبەجی کردنی مادەی 140 ی دەستوری هەمیشەیی عیراق.

بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی پەرلەمان 2007/7/22

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.